# تیۆری پاشکۆیەتی

ناجی ئەفراسیاو

**لینین** لە کتێبی (ئیمپریالیزم بالاترین قۆناغی سەرمایەداری)دا دەڵێت: "ئەگەر کەسێک درک بە ڕیشە ئابورییەکانی ئەم دیاردەیە [ئیمپریالیزم] نەکات و، ئەگەر گرنگی و بایەخە سیاسی و کۆمەلایەتییەکەی وەکخۆی نەپێوێت، ئەوا ناتوانێت هیچ هەنگاوێک لە گۆڕەپانی چارەسەرکردنی پرۆسەکەدا بهاوێت". بەپێی مێژوو پاڵنەرە سەرەکییەکانی ئیمپریالیست و داگیرکەر بریتییە لە تەماع و چاوچنۆکی، واتا هەوڵدان بۆ دەستبەسەراگرتنی (موڵک و ماڵ و گەوهەر)ی بەرامبەر. یان بە دەربڕینێکی تر دەتوانین بڵێین ڕیشە و فاکتەری یەکەم بۆ داگیرکاری مەسەلەی ئابورییە. سەرباری ئەوەش گرتنی کەنیزە و کۆیلە و، لاقەکردنی ئافرەتانی بەرامبەری دێتە سەر؛ کە ئەمەشیان لە مێژووی هەردوو ئاینی مەسیحی و ئیسلامدا ڕوویانداوە.

لە یاداشتەکانی (کۆلۆمبۆس)دا هاتووە "کاتێک بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٤٩٢دا ڕوومان کردە ئەمریکا، هندییە سوورەکان هاتن بە دەممانەوە، ڕێزیان لێگرتین. سەرەڕای ئەوەی قەدوبالای بەرز و جەستەیەکی پتەویان هەبوو. بەلام ئێمە بە پەنجا کەسەوە خستنمانە ژێر ئیتاعە و ڕکێفی خۆمانەوە. تەنها چەکێک کە پێیان بوو لە قامیش دروستکرابوو، کاتێک (شمشێرەکانمان) دا بە دەستیانەوە، بە پێچەوانەوە دەیانگرت هەندێکیان دەستی خۆیان بریندارکرد"[1]. هەر لە درێژەی باسەکەیدا کۆلۆمبۆس دەڵێت هێندە سوورەکان زۆر دڵ سەخاوات بوون هەموو ئەو شتانەی هەیانبوو پیشانیانداین، لەڕاستیدا سەرەکیترین پرسیاری ئێمە ئەوە بوو؛ ئاڵتونەکە لە کوێیە؟.کۆلۆمبۆس بەو مەرجە پاشای ئیسپانیای ڕازیکردبوو تەمویلی گەشتەکەی بکات، کە ئاڵتون و سامانی بۆ بهێنێتەوە. بەڵێنی لە پاشا وەرگرتبوو لە ١٠%ی ئەو ئاڵتونەی دەیهێنێتەوە بۆ خۆی بێت. ئەو کات ئیسپانیا یەکێک بوو لە وڵاتە تازەکانی وەکو فەرەنسا و ئینگلتەرا و پرتوگال، تەنها ٢%ی ڕێژەی دانیشتوان خاوەنی ٩٥%ی زەوییەکان بوون. زۆرینەی خەڵکی هەژار و جووتیاران لە خزمەتی لۆرد و دەرەبەگەکاندا بوون. ئیسپانیا سەر بە کەنیسەی کاسۆلیک بوو بۆیە بەدەر لە ئاڵتوون هەوڵی بلاوکردنەوەی ئاینی مەسیحیی دەدا. بەلام ئایا (ئاین) تەنها ئامراز و بیانوویەک نەبووە بۆ بەدەستهێنان و کەڵەکەکردنی سەرمایە و سامان؟!.

---

[1] کتێبی (مێژووی میللی ئەمریکا)، بەشی یەکەم، هوارد زن.

**تیۆری پاشکۆیەتی:** تیۆرێکی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکانە، باس لەوە دەکات کە هەژاری و نەبوونی سەقامگیریی سیاسی و دواکەوتوویی وڵاتانی **باشور**[2]، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێڕەوە مێژووییەی کە وڵاتانی **باکور** بۆیان کێشاوە. تیۆری پاشکۆیەتی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو سەریهەڵدا، هەوڵی دەرخستنی کاریگەریی هەیمەنەی (سەرمایەداریی نێودەوڵەتی) لەسەر ئابوریی وڵاتانی تازەگەشەسەندوو دەدات، کە بووەتە هۆی مانەوەیان لە حاڵەتی دواکەوتوییدا.

ئەم تیۆرە توانی لە ساڵانی شەستەکان و حەفتاکاندا کاریگەریی گەورەی هەبێت، پێی وابوو کە وڵاتە دەوڵەمەندەکان پێویستییان بە وڵاتە هەژارەکانە بۆئەوەی بەردەوام بن لە گەشەسەندن. ئەم تیۆرە دژی (**تیۆری مۆدێرنەکردن یان مانیفاکتۆری**)یە کە بانگەشەی ئەوە دەکات گوایە ئەم وڵاتانە ئاستی گەشەکردنیان نزمە و هێشتا بەتەواوی ئاوێتەی ئابوریی یونیڤێرساڵ نەبوون. بەڵام سەبارەت بە (**تیۆری پاشکۆیەتی**) پێی وایە کە ئەم وڵاتانە ئاوێتە بوون بەڵام لە ڕووی ستراکتۆرەوە لە حاڵەتی پاشکۆیەتیی بەردەوامدان، چونکە بۆ نمونە بەرهەمهێنانی ناوخۆییان لێ قەدەغە کراوە و ناچارکراون بەرهەمی کۆمپانیا ئیمپریالیستەکان بکڕن. (ئەندرێ فرانک - Andre Frank) کە یەکێکە لە تیۆریستەکانی ئەم قوتابخانەیە، پێی وایە؛ پاشکۆیەتی وڵاتانی باشور مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپریالیزم و ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نابەرابەر. لەلایەکی دیکەوە ئابوریناسی ئەرجەنتینی (ڕائول برێبش - RaúlPrebisch) پێی وایە سەروەت و داهاتی وڵاتە دەوڵەمەندەکان پەیوەندییەکی پێچەوانەی هەیە لەگەڵ دەرامەت و داهاتی وڵاتە هەژارەکان. بەپێی تیۆریستانی ئەم تیۆرە بێت ئەوا مەحاڵە وڵاتانی باشور بتوانن گەشە بکەن بەبێ ڕزگاربوونیان لەو پەیوەندییە پاشکۆیانەی کە دەیانبەستێتەوە بە باکورەوە، چونکە گەشەسەندنی وڵاتانی باکور پشت بە دواکەوتوویی وڵاتانی باشور دەبەستێت.

قوتابخانەی پاشکۆیەتی وەک پەرچەکردارێک لەسەر شکستی تیۆرە ئابورییە کلاسیکییەکان، کە هەوڵیاندەدا شرۆڤەی هۆکارەکانی دواکەوتنی وڵاتانی ئەمریکای لاتین بکەن بەبێ لەبەرچاوگرتنی فاکتەرە سوبێکتیڤ و ئۆبێکتیڤەکان(زاتی و بابەتی)، کە بەشداربوون لە شێواندنی ستراکتۆرە ئابورییەکانیاندا، بۆ یەکەمجار لە ئەمریکای لاتین سەریهەڵدا، ئەوەش بەهۆی دەردەسەری گەلانی ئەو کیشورەوە بوو، چونکە مۆدێلی گەشەکردنی ئابوری لەو وڵاتانە پشتی بە ئاوێتەبوونی تەواو لەگەڵ بازاڕی جیهانییدا بەستبوو، کە لە بنەڕەتدا بۆ خزمەتی پێداویستییەکانی وڵاتانی پیشەسازی ئاراستەکرابوو. هەروەها بەهۆی شوێنەوارەکانی ئابوریی کۆمەڵایەتیی قەیرانە ئابورییە گەورەکەی ساڵانی سیی سەدەی ڕابردووەوە، کە وڵاتانی سەرمایەداری پیایدا تێپەڕیبوون وەهای کرد گەلانی ئەمریکای لاتین درکی تەواو بە مەترسیی درێژەدان بەم مۆدێلی گەشەکردنە بە **ئاراستەی دەرەوە** بدەن. "لیژنەی ئابوری لە ئەمریکای لاتین کە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بوو،

---

[2] لە نەخشەی ئابووریی جیهاندا هێڵێکی وەهمی کێشراوە، کە وڵاتانی گۆی زەوی دەکات بە دوو بەشەوە. بەشی سەرەوە (باکور) بە ڕەنگی (شین) دیاریکراوە، بەشی خوارەوە (باشور) بە ڕەنگی سور دیاریکراوە.بۆ یەکەمجار لەلایەن ڕاوێژکاری پێشووی ئەڵمانیاوە (Willy Brandt)لە ساڵی (١٩٨٠)دا بەکارهێنراوە. لەم نوسینەدا وڵاتانی (باشور) بە چەند ناوێکی تر دێنە بەرچاوتان لەوانە (وڵاتانی تازەگەشەسەندوو، وڵاتانی دەوروبەر). هەروەکو چۆن وڵاتانی باکور بە (وڵاتانی سەنتەر، وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتوو) ناویان هاتووە. لە دیارترین وڵاتانی باکور؛ (ئەوروپا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا، یابان و کۆریا، ئوستralia). وڵاتانی باشوریش (ئەفریقیا، ئاسیا، ئەمریکای لاتین).

ڕۆڵێکی باڵای بینی لە سەرپێخستنی ئەم درککردنە و لەو ڕێگەیەوە ڕەخنەی بازرگانی نێودەوڵەتی کلاسیکییان کرد و، بێتوانایی ئەم تیۆرەیان دەستنیشانکرد کە چیتر ناتوانێت شرۆڤە و تەفسیری هۆکارەکانی خراپبوونی ڕێژەی ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتیی نێوان وڵاتە تازەگەشەسەندووەکان و وڵاتانی پیشەسازی بکات. ئینجا سەلماندیان کە ئەم تیۆرە هیچ کەڵکێکی نیە بۆ ئەوەی سیاسەتی گەشەپێدانی وڵاتانی باشوری پێ دابڕێژرێتەوە. ئەم لیژنە چەند پێشنیارێکیان وەک ئەڵتەرناتیڤ پێشکەشکرد، بە ئامانجی گۆڕینی ئەو وڵاتانە بۆ مۆدێلی گەشەپێدان بە **ئاراستەی ناوخۆ** یان ئەوەی پێی دەوترێت (مۆدێلی پشت بەخۆبەستن) بەڵام ئەمەش بەهۆی پەیوەستبوون بە بازاڕی سەرمایەداریی جیهانییەوە سەرینەگرت، بۆیە قوتابخانەی پاشکۆیەتی وەک پەرچەکردارێکی شۆڕشگێڕانە لەدژی تیۆر و سیاسەتە ئابوورییەکان، لە ڕێگەی چەند ئابووریناسێکەوە لە پێش هەموویانەوە ڕائول برێبش، و میرداڵ سەریهەڵدا. هەستان بە شرۆڤەکردنی هەلومەرجی ئاڵوگۆڕی نابەرابەر و ناهاوسەنگ[٣]، لەنێوان وڵاتانی **سەنتەر** کە بریتین لە (سیستەمە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان) و **دەوروبەر** کە بریتین لە (وڵاتانی تازە گەشەسەندوو) کە ئاوێتەی سیستەمی جیهانی بوون و، ملکەچی هەیمەنەی سەنتەر بوون. ئەوانیش هۆکارەکانی ئەو هەیمەنەیان بۆ فاکتەری تەکنۆلۆژی گەڕاندەوە، کە پەیوەستە بە جیاوازی لە ئاستی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی لەنێوان سەنتەر و دەوروبەردا، هەروەها بارودۆخی شێواندنی ستراکتۆری ئابوری کە ئاوێتەبوونی تەواوی لەگەڵ بازاڕی جیهانی بووەتە هۆی بەردەوامبوونی مژینی زیادەی ئابوریی وڵاتانی دەوروبەر. ئەم هۆکارانەش چەندین دیاردەی پاشکۆیەتییان بەرهەمهێنا وەکو پاشکۆیەتیی ئابوری و بازرگانی و دارایی و تەکنۆلۆژی و، پاشکۆیەتیی هێزی کار و، مۆدێلەکانی بەکاربردن. هەروەها پاشکۆیەیتی کەلتوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی"[٤].

نوسەرانی تیۆری پاشکۆیەتی شرۆڤەیەکی نوێیان لەسەر دیاردەی دواکەوتوویی پێشکەشکرد، ئەوەش لەژێر ڕۆشنایی وەرچەرخانە مێژووییەکان کە وڵاتانی جیهانی سێهەم لە سایەی هەیمەنە و زاڵبوونی ئیمپریالیزم لە ماوەی پێنج سەدەی لەسەر یەک پیایدا تێپەڕبوون، کە لەو ماوەیەدا چەندین فۆرم لە هەیمەنەی ئابوری و سیاسی و کەلتوری بەسەر گەلانی جیهانی سێهەمدا سەپێنراوە.

ئەگەرچی ئەو نوسەرانە تەرکیزیان لەسەر فاکتەری ئابوری بوو بەڵام لە سیاقی کۆمەڵایەتی و شارستانی دایانئەبرییەوە. هەربۆیە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوری هەبوو، چونکە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان ئەو سێ ڕەهەندەدا هەیە.

---

[٣](نایەکسان - **التبادل اللامتكافيء** -Unequal exchange).

[٤] سەرچاوە: (http://revsoc.me/theory/nzry-lmbryly-2-nqd-msl-ltby/).

هەرزوو ئایدیاکانی ئەم قوتابخانەیە لەنێوان کۆمەڵناسانی جیهانی سێهەمدا بڵاوبووەوە، بە تایبەتی ئەمە تەنها قوتابخانەی فیکری بوو کە لەلایەن تاکەکانی جیهانی سێهەم خۆیانەوە شرۆڤەی بۆ دیاردەی دواکەوتوویی دەکرد. ئەگەرچی جیاوازی لە ئایدیای نوسەرانی ئەم قوتابخانەیەدا هەبوو بەڵام هەموویان سودیان لە میراتی مارکسیزمی کلاسیکی و مۆدێرن بینیبوو، بە تایبەتی کتێبەکانی لینین لەسەر ئیمپریالیزم و کتێبەکانی لۆکسۆمبۆرگ دەربارەی کەڵەکەبوونی سەرمایە و کتێبەکانی بۆل باران لەسەر گەشەپێدانی ئابوری.

نوسەرانی ئەم قوتابخانەیە بایەخیان بە مەسەلەیەکی جەوهەری دەدا ئەویش بریتیبوو لە مەحاڵبوونی دیراسەکردنی کۆمەڵگاکانی جیهانی سێهەم بە پەراوێزخستنی گەشەسەندنی کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری، کە پێویستە وەک یەک مەنزوومە و یەک سیستەم سەیری جیهان بکرێت. چونکە پەیوەندیی نێوان ئەم دوو گروپە لە وڵاتان کە پشت بە پەیوەندیی هەیمەنەی وڵاتانی **سەرمایەداریی پیشەسازی** و، پەیوەندیی ملکەچبوون و پاشکۆیەتیی وڵاتانی **تازەگەشەسەندوو** دەبەستێت، تەواو گەشەیکردووە و فۆرمی بازاڕێکی جیهانی وەرگرتووە.

**<u>نوسەرانی ئەم قوتابخانەیە بەسەر دوو ئاراستەدا دابەشبوون:</u>**

ئاراستەی یەکەم/ پێیوایە کە پەیوەندیی لە نێوان دوو ئابورییدا هەیە یەکێکیان زاڵ و باڵادەست، ئەوی دیکەیان پاشکۆیە. دیارترین پێناسەکانی سەر بەم ڕەوتە پێناسەکەی ئابوریناسی بەرازیلی "دۆس سانتۆس" بوو کە وایدەبینێت پاشکۆیەتی بریتییە لە" پەیوەندیی نێوان دوو ئابوری کە یەکێکیان فراوان دەبێت (لایەنی زاڵ و باڵادەست) و، بەردەوامدەبێت لە خۆ-گەشەپێدان، بەڵام لایەنەکەی تر (پاشکۆ) ناتوانێت گەشە بکات"، واتا گەشەکردن و فراوانبوونی باڵادەست گەشەکردنی پاشکۆ ڕادەگرێت.

ئاراستەی دووەم/ واي دەبینن پاشکۆیەتی بریتی بێت لە کۆمەڵێک سیستەم و پێکهاتەی ئابوری و کۆمەڵایەتی کە خزمەت بە ئامانجەکانی هەیمەنەی سەرمایەداری دەکەن. یەکێک لە تیۆرستانی ئەم ئاراستەیە بریتییە لە کۆمەڵناسی بەرازیلی (فرناندۆ کاردۆشۆ - Fernando Cardoso) کە پێیوایە دیاردەی پاشکۆیەتی تەنها پەیوەندیی بە قۆرخکاری و بەربەستی دەرەکییەوە نیە، بەڵکو پەیوەندیی بە سازان و ڕێکەوتنی دەسەڵاتداری **ناوخۆ** لەگەڵ **دەرەوەدا** هەیە. بە تێڕوانینی کاردۆشۆ دیاردەی پاشکۆیەتی پەیوەندییەکی مێژووییە کە بەردەوام لە گۆڕاندایە. بۆیە بە پێویستی دەزانێت توێژەران هەوڵی کەشفکردنی نزیکێتیی نێوان فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بدەن کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی پاشکۆیەتی و، شیکردنەوە بۆ گۆڕانکاریی نیگەتیڤ و پۆزەتیڤی نێوانیان بکەین، کە بەهۆی لێکدژیی بەرژەوەندیی نێوان چینی **دەسەڵاتداری ناوخۆیی** و **هاوپەیمانە بیانییەکانیەوە** ڕوودەدەن.

**تیۆریستەکانی تیۆری پاشکۆیەتی هەموویان لەسەر چەند خاڵێك کۆکن:**

١- وڵاتە هەژارەکان ناچارن کەرەستەی خاو و دەستی کاری هەرزان بدەن بە وڵاتە دەوڵەمەندەکان. ئەوەش دەرەنجامی مێژووی ئیمپریالیزمە.

٢- وڵاتە دەوڵەمەندەکان کۆمەڵێک بەربەستی یاسایی و دارایی و هونەرییان دروستکردووە کە وڵاتە هەژارەکان ببنە پاشکۆیان. ئەوەش بەهۆی نەگواستنەوەی تەکنۆلۆژیا لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانەوە بۆ وڵاتانی باشور کە پێویستیان بەو تەکنەلۆژیایەیە.

**سەمیر ئەمین و، گەشەپێدانی نایەکسان و نابەرابەر**[٥]

پاشکۆیەتی و ئاڵۆگۆڕی ناهاوسەنگ و نابەرابەر بۆ یەکەمجار لەلایەن بیرمەندی فەڕەنسی (ئیمانوێل) پێشکەشکرا. کە دواتر (سەمیر ئەمین) پەرەی پێدا، سەمیر ئەمین پێیوایە دوو کۆمەڵە یاسای جیاواز هەیە بۆ گەشەکردنی سەرمایە یەکێکیان تایبەتە بە سەنتەر ئەوی تریان تایبەتە بە دەوروبەر. لە دوای ئابوریناسی فەڕەنسی(ئیمانیۆل - A.EMMANUEL)، بیرمەند و ئابوریناسی بە ڕەچەڵەک میسری (سەمیر ئەمین) بە یەکێک لە دیارترین نوسەرانی قوتابخانەی پاشکۆیەتی لە جیهاندا دەناسرێت. کە زاڵبوون و باڵادەستی پرەنسیپی ئاڵۆگۆڕی نابەرابەری لە بازرگانی نێودەوڵەتییداالە نێوان **__وڵاتانی دەوڵەمەند__** و**__وڵاتانی هەژاردا__** دەرخست، (سەمیر ئەمین) پێی باشە کە وڵاتانی گرووپی یەکەم ناوبنرێن **وڵاتانی سەنتەر** و گرووپی دووەم ناوبنرێن **وڵاتانی دەوروبەر**.

ئامانج لە نوسینەکانی (سەمیر ئەمین) ڕەخنەکردنی ئەو بنەمایانەیە کە تیۆرە کلاسیکییەکان لە بازرگانیی نێودەوڵەتییدا پشتی پێدەبەستن. هەوڵی دەرخستنی ئەوە دەدات کە جیاوازی و کەلێنی گەورەی نێوان پشکی هەر یەک لە وڵاتانی سەنتەر و دەوروبەر لە داهاتی بازرگانیی نێودەوڵەتی هۆکارەکەی ناگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە خەرجییە ڕێژەییەکاندا (وەک ڕیکاردۆ بانگەشەی بۆ دەکات) یان جیاوازی لە ڕادە و ڕێژەی سامانە سرووشتییەکان (وەک تیۆری نیوکلاسیکی بانگەشەی بۆ دەکەن)، یان جیاوازی لە ڕێژەی سەرمایەی جێگیر و زیادەبەها (وەک زۆرێک لە ئابوریناسە مارکسیستەکان بانگەشەی بۆ دەکەن)، یان جیاوازی لە ئاستەکانی (کرێ)دا وەک (ئیمانیۆل) ئاماژەی پێکردووە. بەڵکو جیاوازییەکە دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخ و هەلومەرجی مێژوویی ناوخۆیی کە کۆمەڵگاکانی سەنتەر و دەوروبەر پیایدا تێپەڕ بوون، هەروەها هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی پرۆسەی ئاوێتەبوونی ئابوریی وڵاتانی دەوروبەر لەنێو ئابوریی وڵاتانی سەنتەردا. ئیمانوێل پێیوابوو کە هەندێک لە وڵاتان بەچاوپۆشین لە سرووشتی بەرهەمەکانی (کەرەستەی خاو یان کاڵای دروستکراو) لە پرۆسەی ئاڵۆگۆڕکردندا قۆرخدەکرێن. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئازادی لە جوڵەپێکردنی کاڵا و سەرمایەدا لەسەر ئاستی جیهانی، بەڵام نرخی هێزی کار لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، ئەوەش بەپێی بارودۆخ و هەلومەرجی مێژوویی. بەپێی خەملاندنی ئیمانوێل کرێی کار لە **وڵاتانی سەنتەردا__١٥__** هێندەی کرێی کارە لە **وڵاتانی دەوروبەردا**. ئەمەش هۆکاری ڕیشەیی ئاڵۆگۆڕی نابەرابەرە، کە لە ڕێگەیەوە زیادەی بەها لە وڵاتانی دەوروبەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ وڵاتانی سەنتەر. ئەمەش دەبێتە بەربەست لەبەردەم گەشەپێدانی وڵاتانی تازەگەشەسەندوو. جیاواز لە (ئیمانوێل)، (سەمیر ئەمین) پێیوایە ئاستی کرێ لەسەر بنەمای

---

[٥] (التنمية غير المتكافئة - Unequal development).

ململانێی چینایەتی (فاکتەری سوبێکتیف) دەستنیشاندەکرێت، کە لە چوارچێوەی بارودۆخی کەڵەکەبوونی سەرمایەدا (فاکتەری ئۆبێکتیف) ڕوودەدات. هەروەها ئەمین پێی وایە کە فاکتەری بەرهەمهێنان یەکێکە لە فاکتەرەکانی دەستنیشانکردنی ئاڵوگۆڕکردنی هاوسەنگ، ئەو بەم شێوەیە پێناسەی ئاڵوگۆڕی نابەرابەر دەکات: بریتییە لە "ئاڵوگۆڕکردنی ئەو کاڵایانەی کە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانیدا، جیاوازی لە کرێدا گەورەترە لە جیاوازیی بەرهەمهێنانەکان". ئەوەش مانای وایە کە نرخی بەرهەمە هەناردەکراوەکان لەلایەن وڵاتانی دەوروبەرەوە لە بازاڕی جیهانییدا کەمتر دەبێت وەک ئەوەی لە وڵاتانی سەنتەر بەرهەمبێت کە تیایدا کرێ بەرزە. بەم شێوەیەش بەکاربەر لە وڵاتانی سەنتەر سوودمەند دەبێت لە **دابەزینی نرخ** و **بەرزبوونەوەی کرێ**. بەپێچەوانەی وڵاتانی دەوروبەرەوە. ئەمەش بۆخۆی مۆدێلێکی نابەرابەرە لە نێوان سەنتەر و دەوروبەردا. ئەمین جەختدەکاتەوە کە کرێکار لە وڵاتانی دواکەوتوودا بە ڕادەیەکی زیاتر قۆرخدەکرێن لە چاو کرێکاری وڵاتانی پێشکەوتوو. واتا ئەوە زیادە بەهای لەوان بەدەست دێت زیاترە. ئەمەش بە نیسبەت سەمیر ئەمینەوە مانای وا نیە کە کرێکارانی وڵاتانی پێشکەوتوو سود لەم پرۆسەیە دەبینن، چونکە هۆکاری بەرزی کرێ لە وڵاتانی سەنتەر لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ بەرزیی ئاستی بەرهەمهێنان ئەوەش لە دەرەنجامی پێشکەوتنی هێزەکانی بەرهەمهێنانەوەیە. بەڵام سەرباری ئەمەش ئەو دەرەنجامەی ئەمین پێی دەگات نزیکە لە تەرحەکەی ئیمانوێلەوە. چونکە سەرەڕای ئەوەی ئەو دەڵێت کە ئێستا لێکدژییەکان بریتییە لە لێکدژیی نێوان پرۆلیتاریای جیهانی و بۆرژوازییەتی جیهانی، لە هەمان کاتدا پێی‌وایە لە بنەڕەتدا پرۆلیتاریای جیهانی **پرۆلیتاریای دەوروبەرە** چونکە ڕووبەڕووی زۆرترین قۆرخکاری بوونەتەوە، هەروەها بۆرژوازیی جیهانی لە بنەڕەتدا **بۆرژوازیی سەنتەرە** چونکە هەیمەنەیان بەسەر پرۆسەی کەڵەکەبوونی جیهانییدا کردووە.

بەپێی میتۆدی (سەمیر ئەمین) تایبەتمەندیی وڵاتانی سەنتەر لە وڵاتانی دەوروبەر بریتییە لە دەستبەسەراگرتنی کەڵەکەبوونی سەرمایە، ئەم زاڵبوون و باڵادەستییەش پێویستی بە پێنج مەرجە:

١- هەیمەنەکردن بەسەر سامانە سرووشتییەکاندا. ٢- هەیمەنەکردن بەسەر دووبارە پێکهێنانی هێزی کار.٣- هەیمەنەکردن بەسەر چڕبوونەوەی زیادەی داراییدا. ٤- هەیمەنەکردن بەسەر بازاڕی ناوخۆییدا.٥- هەیمەنەکردن بەسەر تەکنۆلۆژیادا[٦].

سەبارەت بە سرووشتی پەیوەندیی نێوان وڵاتانی سەنتەر و دەوروبەر،(سەمیر ئەمین) پێی وایە کە پەیوەندییە بازرگانی و داراییەکانی نێوانیان لە سەرجەم قۆناغەکانی گەشەکردنی سیستەمی سەرمایەدارییدا پشت بە دوو وەزیفە دەبەستێت:

١- وەبەرهێنانی زیادە بەدەستهاتووەکان لە سەنتەر ئەوەش بە فراوانکردنی چوارچێوەی بازاڕی جیهانی لەسەر حسابی سیستەمە ئابورییەکانی دەوروبەر.

٢- پارێزگاریکردن لە بەرزبوونەوەی بەردەوامی ڕێژەی سوو و، تۆمارکردنی دابەزین لە وڵاتانی سەنتەر[٧].

---

[٦] أحمد جمال الدين موسى: العلاقات الاقتصادية ونظريات التنمية، مصر ١٩٩٩، لا ٦٥.

[٧]سەرچاوە: (http://www.startimes.com/?t=20895801).

ئەم دوو وەزیفەیەش لەڕێگەی ئیمپریالیزم و، هاندانی بازرگانیی دەرەکی و هەناردەکردنی سەرمایەوە بەدەستهاتن، کە ڕێگەیدا بە دامەزراندنی مانیفاکتۆری مۆدێرن لەچاو وڵاتانی دەوروبەر، ئەگەرچی ئاستەکانی کرێ تیایدا کەمبووەوە، ئەمە سەرەتای حەقیقی ئاڵوگۆڕی نابەرابەر بوو کە گەشەپێدانی نابەرابەری بەرهەمهێنا. چونکە کەرتی هەناردەکردن لە وڵاتە تازەگەشەسەندووەکان ئامانجی گۆڕینەوەی ماتریاڵی خاوی زەروری بوو بە سەرمایەی جێگیر، هەروەها دابینکردنی کاڵا بەکاربەری و ئیستیهلاکییەکان بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی بازاڕی ناوخۆیی. لەم چوارچێوەیەشدا تیۆری ئاڵوگۆڕی نابەرابەر هاتەئاراوە، گرنگیی بەرهەمە هەناردەکراوەکان لەلایەن وڵاتانی دەوروبەرەوە لە دابەزینی ئاستی کرێدایە بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی لە وڵاتانی سەنتەردا هەیە. هەروەها هاوسەنگیی بەرهەمهێنان، ڕێگەخۆشدەکات بۆ ملکەچبوونی وڵاتانی دەوروبەر کە دەستی کاری هەرزان هەناردەی دەرەوە بکات. بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە سەمیر ئەمین پێیوایە کەزەروورە وڵاتانی دەوروبەر دەست لە سەنتەر بەربدەن و، دەستبکەن بە گەشەپێدانی سەربەخۆ بەپشتبەستن بە خۆمان. ئەمەش بەمانای داخرانی تەواو و ڕێگریکردن لە بازرگانیی نێودەوڵەتی نایەت. بەڵکو واتا بەرژەوەندیی باڵای وڵاتانی دەوروبەر وادەخوازێت بەرەو ئاراستەی گەشەپێدانی کەرتە بەرهەمهێنانە زۆر پێشکەوتووەکان بڕوات، بۆئەوەی وڵاتانی تر دەستپێشخەری لە بەرهەمهێنانی شتی جیاواتر و بەبەهاتردا نەکەن کە دواتر هەیمەنە بەسەر بازرگانیی نێودەوڵەتیدا بکەن. هەروەها (سەمیرئەمین) پێیوایە کە سەربەخۆیی وڵاتانی سێهەم بەس نیە، بەڵکو دەبێت **میتۆدی سۆسیالیزم** تەبەنی و پەیڕەو بکەن. چونکە بەهۆی نەبوونی دینامیکییەتی ناوخۆیی و مێژووی تایبەت بەخۆیانەوە دووبارە ملکەچی وڵاتانی سەنتەر دەبنەوە.

**پاشکۆیەتیی ئابوری**[٨]

ئابوریناسی لوبنانی (جۆرج قرم)، سەرسوڕمانی خۆی بەرامبەر ئەو وڵاتانە دەخاتەڕوو کە هەوڵی قەرزکردن دەدەن بۆ گەشەپێدانی وڵاتەکانیان. لە کاتێکدا قەرز بووەتە هۆکاری دواکەوتوویيان کە پشت بەخۆیان نەبەستن و، سەرمایە و تەکنۆلۆژیا و مانیفاکتۆری پێشکەوتوو بە ئامادەیی لە دەرەوە دەکڕن، واتا قەرز دوایخستوون و تەمەڵی کردوون. گەشەکردنی سەرمایەداری لە **سەنتەر** بەرەو ئەوە دەڕوات بەیەکجاری دەستبگرێت بەسەر پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی **دەوروبەردا** وەکو ڕیشەکانی فیودالیزم و کۆیلایەتی. ئەم لێکدژییە شاراوانەش لە سەنتەردا لە ڕێگەی مۆنۆپۆلەوە چارەسەردەکرێت، ئەوەش بە فراوانبوونی نێودەوڵەتیی سیستەمی سەرمایەداری. بەم شێوەیەش ئەو لێکدژییانە دەگوێزرێنەوە بۆ پەراوێز، واتا بۆ وڵاتە داگیرکراوەکان و ئەوانەی دەکەونە ژێر هەژموونی ئیمپریالیزمی نوێوە کە ملکەچی سیاسەتەکانی ئابوری وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتوو بوون، بەپێی ئەم تێڕوانینە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئەوە ستراکتۆری بازاڕی جیهانییە؛ گەشەسەندنی

---

[٨] ناونیشانی سەرەکی کتێبێکی ئابوورناسی لوبنانی (جۆرج قرم)ە، ناونیشانی لاوەکی؛ (قەیرانی قەرز لە جیهانی سێهەمدا لە چاویلکەی مێژووەوە).

نایەکسان و نابەرابەر بەسەر وڵاتانی پەراوێزخراودا دەسەپێنێت. ئەم حاڵەتی نایەکسانییەش بەهۆی سستبوونی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەرەوە بەردەوام دەبێت، ئەگەر تەماشای ئەم دوو خشتەی لای خوارەوە بکەین دەبینین ئەمریکا و هاوبەشەکانی قەرزێکی زۆریان بەسەر وڵاتانی جیهانی سێهەمدا سەپاندووە، هۆکارەکەی ڕوونە کە بۆچی فرمانی "سەپاندووە" بەکاردەهێنم؛ ئەگینا لەڕاستیدا ئەم وڵاتانە مەمنونن کە (بانکی نێودەوڵەتی) قەرزیان پێبدات و بەدەمیانەوە بچێت. بەڵام ئەوان پێشتر پلانی ئەوەیان داڕشتووە کە ئەو وڵاتانەی مەبەستیانە چۆن ناچاریان بکەن لە دەرگای بانکەکەیان بدەن. درووستکردنی دوژمنی وەهمی یەکێکە لەو ئامرازانەی کە ئەمریکا خۆی پێ کردووە بە فریادڕەسی جیهان. دەکرێت ڕەخنەگران باس لە بەدەمەوەچوونی ئەمریکا بکەن بۆ ئەو وڵاتانەی ڕووبەڕووی کارەساتی سرووشتی دەبنەوە، بەڵام دوو وەڵامی حازر و کورت بۆ ئەمە هەیە؛ یەکەم/ کاتێک ئەندەنوسیا ڕووبەڕووی تسۆنامی بووەوە کە نزیکەی ٣٠٠ هەزار کەس بوونە قوربانی تەماعی ئەمریکییەکان لە بەهاناوەچوونی ئەندەنوسییەکان ئەوە بوو کە ناوچەی قوربانییەکان بکەنە شوێنێکی گەشتیاری و کۆمپانیاکانی خۆیان بیبەن بەڕێوە. دووەم/ ئەگەر لە نیپال و ئەفریقا خزمەتگوزارییەک پێشکەشی هەژاران و لێقەوماوان بکەن هەر مەرامەکەی بۆ چاوبەستکردنی خەڵک و وروژاندنی میدیاییە. لە ڕاپۆرتی ساڵانەی (بانکی نێودەوڵەتی)دا بۆ ساڵی (٢٠١٦)[٩]، لە تەوەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقادا هاتووە: لە هاوینی ساڵی ٢٠١٤دا شاری موسڵ کە دووەم گەورەترینی شاری عێراقە لەلایەن ڕێکخراوی داعشەوە داگیرکرا، ئەم وڵاتە ڕووبەڕووی شەڕ و لێشاوی ئاوارە و وێرانبوونی شارەکان و ژێرخانەکانیان بووەوە. بۆیە بانکی نێودەوڵەتی لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٥)دا بڕیاریدا بە دوو گوژمە قەرز بداتە عێراق. کە کۆی گشتی دەکاتە (ملیارێک و پێنج سەد و پەنجا ملیۆن دۆلار)، بەمەبەستی چاکسازی لە ئیدارە و خەرجییە گشتییەکانی حکومەتدا. دیارە مەبەستی بانک لێرەدا جێبەجێکردنی پرۆژەکانی نیولیبراڵیزمە. هەردوو کتێبی (دانپیانانی بکوژێکی ئابوری) و (دۆکترینی شۆک) بەڵگە و دۆکیۆمێنتیان لەسەر تێوەگلانی ئەمریکا و هاوبەشەکانی خستووەتەڕوو کە چۆن لە ڕێگەی درووستکردنی شەڕ و قەیرانی ئابورییەوە، وڵاتان ناچاردەکەن پەنایان بۆ ببەن و لەڕێگەی قەرزەوە بیانکەنە پاشکۆی خۆیان. ئەمەش یەکێکە لە سیماکانی ئیمپریالیزمی نوێ. یەکێکی تریش لە سیماکانی ئیمپریالیزمی نوێ بریتییە لە دەستبەسەراگرتنی مانیفاکتۆری پێشکەوتوو لە ڕووی تەکنۆلۆژییەوە، کە بەهۆیەوە چالاکیی بەرهەمهێنانی کلاسیکی بۆ وڵاتانی دەوروبەر جێدەهێڵن. هەروەها مۆنۆپۆلی سەرمایەداریی نێودەوڵەتی هەیمەنەی کردووە بەسەر نرخەکانیشدا (بۆ نمونە نرخی نەوت)، ئەمەش دەبێتە هۆی پاشکۆیەتیی دەوروبەر بۆ سەنتەر چونکە وڵاتانی جیهانی سێهەم ناچاردەبن کەرەستەی خاو بۆ بازاڕی جیهانی دابینبکەن و کرێی کاری هەرزانیش پێشکەش بکەن(بۆ نمونە لێشاوی کۆچکردن و ئاوارەبوونی وڵاتانی باشور بۆ وڵاتانی باکور).

**خشتەی ژمارە ١٠:١٦** گەورەترین وڵاتانی قەرزوەرگر: بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٦ (بە ملیۆن دۆلار)

---

[٩] ڕاپۆرتەکە بۆ شەش مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠١٦)یە، بەشێوەی PDF و بە زمانی عەرەبی بەردەستە٧١ لاپەرەیە. هەر بەڕێزێک مەبەستی بێت بۆی دەنێرین. ئێمە تەنها ئاماژەمان بەو داتایانە کردووە کە تایبەتن بە عێراق، واتا خشتەی ژمارە (١٦ و١٧). بۆ بەدواداچوونی زیاتر دەتوانن سەردانی ئەم سایتە بکەن: (**worldbank.org/annualreport**).

| ژ | ولات | بڕی پەیوەستبوون |
|---|---|---|
| -١ | پیرۆ | ٢,٨٥٠ |
| -٢ | هیندستان | ٢,٨٢٠ |
| -٣ | کازاخستان | ٢,٥٨ |
| -٤ | چین | ١,٩٨٢ |
| -٥ | ئەندەنوسیا | ١,٧٠٠ |
| -٦ | ئۆکرانیا | ١,٥٦٠ |
| -٧ | میسر | ١,٥٥٠ |
| -٨ | عێراق | ١,٥٥٠ |
| -٩ | پۆڵەندا | ١,٥٠٤ |
| -١٠ | کۆلۆمبیا | ١,٤٠٠ |

**خشتەی ژمارە ١٧:** پوختەی ئەو پەیوەستبوونانەی کە لەژێر جێبەجێکردندان (بە ملیار دۆلار)

| ژ | ناوچە | بانکی نێودەوڵەتی بۆ ئاوەدانکردنەوە | دامەزراوەی نێودەوڵەتی بۆ گەشەپێدان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| -١ | ئەفریقیا | ٥.٥ | ٥٠.٥ | ٥٦.١ |
| -٢ | ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و زەریای هێمن | ٢١.٨ | ١٠.٦ | ٣٢.٣ |
| -٣ | ئەوروپا و ئاسیای ناوەڕاست | ٢٤.٨ | ٢.٤ | ٢٧.٢ |
| -٤ | ئەمریکای لاتینی و دەریای کاریبی | ٢٦.٩ | ١.٩ | ٢٨.٨ |
| -٥ | ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا | ١٣.٧ | ٠.٨ | ١٤.٥ |
| -٦ | باشوری ئاسیا | ١٧.٦ | ٣٠.٩ | ٤٨.٥ |
| -٧ | کۆی گشتی | ١١٠.٢ | ٩٧.١ | ٢٠٧.٣ |